KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-6-2007 19:08

## هەڵەسیاسیەکانی کوردەکانی باشور ... هیوا جەمیل

المانیا
Hewa_jamel78@yahoo. com

دەمێکە چاوم بریوەتە هەنگاوە سیاسیەکانی پارتە کوردستانیەکان لەراستیدا نوسین لەسەر وەها تێزێك زۆری دەوی نەفەسێکی درێژی سیحراوی دەوی چونکە ئەگەر بەخێراییش بێت چاوێك بە مێژووی سەرجەم پارتە سیاسیەکان بخشێنین ئەوندە پەلەپەلو خنەخن و هەڵەی فیکری تێدایە کەخۆی بۆ خۆی پەیمانگایەکی دەوی تایبەت بە هەڵە سیاسیە کانی کوردەکانی باشوروەلی دەستبەردار بوون و زەربی سفر کردنیشیان چارەسەر نیە، مەبەستم پارتە سایە کانە نەك هەڵەکانیان، لەمێژووی گەشەکردنی خەباتی سیاسی و لەناویشیاندا هەڵە سیاسە کانی کورد لەو مەیدانەدا دەبینین بەلێشاو سازشی ناوەخت و هەڵەو جاروبار بەزمانی خۆمان خیانەت وە بەتاك و تەرا و دەگمەن هەنگاوی چەسپێنەرو سودبەخش بۆ هەموو لایەك و زیاتر خەلك دەبینین، ئەگەر چی گەورەترین پاساو بۆ ئەم کارەساتە نەبونی سەربەخۆیی و جەنگ و نەچەپاندنی فیدارالّی... هتد

ئەگەر پۆلێنە هەمیشەییەکە بکەین بۆ حیزیە کوردستانیەکان کە دابەشبوونە بەسەر هەردوو ڕێبازی (اسلامی، عیلمانی) وەلە هەریەك لەم بەرەو جەبهانەدا پۆلێنی هەلەسَیاسیەکانیان بکەین چاومان بە جۆرەها کارگەلی کارەسات ئامێز دەکەوی لەتازەترین هەرای ئەم باسانە بەشداری پارتێکی ئیسلامی وەك یەکگرتوو بوو لە دانیشتن وکۆبوونەوەیەك بۆ ئاشتی و ئارامی عیراق و بەسەرپەرشتی دۆستیکی هەرە دیرینی کورد کە (ایادعلاوی) بوو بەلاّم بەبی ئامادەیی لیستی هاوپەیمانی و لیستی هاوبەندی شیعە، ناچارین بلّێین لای هەرکەسێك کەتۆزی کۆرو کۆبوونەوەی دی بێت و ئاشنای و کەشە بێت بی گومانانە دەفامی کەئەو وازوەی کە حکومەتێك و دو زل حیزبی شین ومۆرکردەوە تەها وازوی ئادەبوون بوو نەك پەسەندکردن کەئەوەش بە راوێژو ئاگاداری سوڵتانەکانی مەملەکەت، بەلاّم تێرامان و پرسیار لەوەدایە کەئایا ئەم هەڵمەتە راگەیاندنەی سەرنجی لای هەمووان دروست کرد بەجی بوو یان نا من دەلّێم بەجی بوو چونکە وادەزانم ئەمە سەرەتایەکە بۆ بیر کەوتنەوەی رۆشنبیرانی کورد لە هەڵەو خیانەتە سیاسیەکانی پارتە سیاسیە کانی تر من دەلّێم ئەگەر بەگووتەی رۆشنبیران هەڵەیەك یان پەیرەو کردنی مافێکی ئاسایی و شەرعی ئەو شۆرشە ئیعلامییە دروست بکان دەبی خەلك دلّی خۆشبێت کە رۆشنبیران و قەلەم بەدەستان لەخیانەت و هەڵە هەرە گەورەکانی سیاسیەکانی تر خۆشنابن و بەناوی گەلەوە ئەم فایلە ئاوهاسادە داناخەن و لەسەری گوزەر ناکەن، ئەگەر چی واهەست دەکری ئەم هێرشانەش پینە بێت ئەمەش هیواکەمان کەم دەکاتەوە چونکە واپێدەچی ئەم هەرایە لەتاخیانەتی عوزمای یەکگرتوو نەبی بەلّکو بۆ شاردەنەوەی گۆزەشکاوەکەی خۆیان بێت، ئەگەرنا بۆچی دوای (37) رۆژ هاتنە دەنگ و بەرگریان لەیەك پارچەیی عیراق کرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.